# بەرپرسایەتی من چییە لە پرۆسەی فێربووندا؟



Rahenan

# ناساندن



پەروەردەی منداڵ لە ماڵەوە دەست پێ دەکات دایکوباوکان بە یەکەم مامۆستای منداڵەکانیان هەژمار دەکرێن لە بنیاتنانی کەسایەتی خۆیان. هەرچەندە پرۆسەی فێرکردن لەناو فێرگەدا ڕوو دەدات، بەڵام مانای ئەوە نییە کە دایکوباوک ناتوانن ڕۆڵێکی کارایان هەبێت لە پەروەردەی منداڵەکانیان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دایکوباوک دەتوانن هانی منداڵەکانیان بدەن و تەنانەت کاریگەریشیان هەبێت بۆ ئەوەی لە فێرگەدا ئاستێکی باشیان هەبێت. لەم بەشەدا بەرپرسایەتی تۆی دایکوباوک لە پرۆسەی فێربوونی منداڵەکەت دەخرێتە بەرباس.






# میکانیزمەکان



## 1 چاودێری پرۆسەی فێربوونی منداڵ

دایکوباوکان دەبێت بەشداری چالاکانەیان هەبێت لە فێرگەی منداڵەکەیان. دەبێت ئاگەداری ئەوەبن کە منداڵەکەیان چۆن لە فێرگە بەرەوپێش دەچن. ڕاپۆرتی مامۆستا و فێرگە هاوکار دەبن بۆ ئاگەداربوون لە ئاستی فێرخواز، نمرە، بەژداری، ڕەفتار و هەڵسەنگاندنی مامۆستا.



## 2 هاوئاهەنگی لەگەڵ مامۆستایان

مامۆستا باشترین بژارەیە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی منداڵەکەت لە فێرگەدا. زۆرجار مامۆستا دەتوانێت فیدباک نەک تەنیا لە ڕووی ئەکادیمییەوە، بەڵکوو لەڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتیشەوە بدات و دایکوباوک ئاگەداردەکاتەوە ئەگەر گرفتێک لە پرۆسەی فێربوونی منداڵەکەیدا هەبێت کە لەوانەیە ڕێگر بێت لە فێربوون و دەستکەوتەکانی فێرخواز.

## 3 دیداری دایکوباوکان لەگەڵ مامۆستا

دیداری دایکوباوکان لەگەڵ مامۆستا بەرپرسایەتییەکی سەرەکی خێزانە بۆ ئاگەداربوون لە پرۆسەی فێربوونی منداڵدا. لە زۆربەی فیرگەکان (گشتی یان تایبەت) دایکوباوکان پێویستە بە مەبەستی ئاگەداربوون لە دۆخ و گرفتەکانی منداڵەکەی چەند جارێک دیدار لەگەڵ مامۆستایاندا ساز بکات. ئەمە سەر دەکێشێت بۆ بنیاتنانی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان خێزان، فێرگە، فێرخواز و مامۆستا.



## 4 بەژداریکردن لە چالاکییەکانی فێرگە



چالاکییەکانی فێرگە دەرفەتێکی زۆرباشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان فێرخواز و دایکوباوک. خێزان پێویستە بەردەوام هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ بەژداری لەهەر چالاکییەکی فێرگە. منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی دەیانەوێت بەهرە و لێهاتوویی خۆیان نیشانی خێزان بە تایبەتی و کەسانی دیکە بەگشتی بدەن، ئەمەش دەرفەتێکی نایابە بۆ خێزان تا ئاشنای ژینگەی فێرگە و چۆنیەتی کارکردنی منداڵان لەگەڵ یەکدی و مامۆستا ببین.

## 5 گرێدانی فێربوون بە ژیانی ڕۆژانەوە



زۆربەی ئەو بابەتانەی فێرخواز لە فێرگە فێری دەبێت دەکرێت تێکەبەستی ژیانی ڕۆژانە بکرێت. بۆ نموونە، دەتوانیت لەگەڵ منداڵەکەت گفتوگۆ بکەیت دەربارەی یەکەکانی پێوانەکردن لەکاتی چێشتلێنان. لە بواری زانستیدا، دەتوانیت باسی تەنەکانی دەرەوەی زەوی (خۆر، مانگ، ئەستێرە) و کەشوهەوا بکەیت. ئەگەر منداڵەکەت ئارەزووی زانینی دەربارەی ئامێرەکان هەبوو دەتوانی باسی چۆنیەتی کارکردنی کۆمپیوتەر، ساردکەرەوە و ئامێرەکانی دیکەی بۆ ڕوون بکەیتەوە.

## 6 هاوکاریکردنیان لە هەڵسەنگاندنەکان



لەکاتی هەڵسەنگاندا بەتەنیا جێیان مەهێڵە، یارمەتیان بدە بۆ ئامادەکردن، ڕێنوێنی و پشتگیریکردنیان. تەنانەت لەوانەیە هەڵسەنگاندێکی بچووکیش لە ماڵەوە هاریکاریەکی باشی بکات لە ڕۆژی هەڵسەنگاندنیدا و کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی. دەتوانی هاریکاری فێرخوازەکەت لەو وانانە بکەیت کە تێیدا لاوازن.

# بەرپرسایەتی من چییە لە پرۆسەی فێربووندا؟

Rahenan